موغیرەی کوڕی شوعبە پێشنوێژی بۆمان کرد؛ ڕاستەوخۆ هەستا لە پاش ڕکاتی دووەم -دانەنیشت بۆ خوێندنی تەحیات-، ووتمان: سبحان اللە، ئەویش ووتی: سبحان اللە وبەردەوام بوو لە نوێژەکەیدا، کاتێک نوێژەکەی تەواوکرد وسەلامی دایەوە، دوو سوجدەی سەهوی برد، کاتێک نوێژە تەواو بوو، ووتی: پێغەمبەرم بینی -صلی اللە علیە وسلم- ئەمەی ئەنجامدا هەروەکو چۆن من ئەنجامم دا

لە زیادی کوڕی عیلاقەوە دەڵێت: موغیرەی کوڕی شوعبە پێشنوێژی بۆمان کرد؛ ڕاستەوخۆ هەستا لە پاش ڕکاتی دووەم -دانەنیشت بۆ خوێندنی تەحیات-، ووتمان: سبحان اللە، ئەویش ووتی: سبحان اللە وبەردەوام بوو لە نوێژەکەیدا، کاتێک نوێژەکەی تەواوکرد وسەلامی دایەوە، دوو سوجدەی سەهوی برد، کاتێک نوێژ تەواو بوو، ووتی: «پێغەمبەرم بینی -صلی اللە علیە وسلم- ئەمەی ئەنجامدا هەروەکو چۆن من ئەنجامم دا».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە کردەوەیەکی موغیرەی کوڕی شوعبە -ڕەزای خوای لێبێت- ڕووندەکاتەوە لە کاتی نوێژدا، ئەویش ئەوەیە لە کاتی نوێژەکەیدا هەڵەی کرد -سەهوی کرد-، ولە ڕکاتی دووەم تەشەهود -تەحیاتی- نەخوێند، وخەڵکی لە پشتیەوە تەسبیحاتیان کرد -ووتیان: سبحان اللە-، بەڵام ئەو هەر بەردەوام بوو لە نوێژەکەیدا، وپاش سەلامدانەوە؛ دوو سوجدەی سەهوی برد، ووتی پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- هەمان شتی ئەنجامداوە، وبەناوبانگترین بۆچوونی زانایان لەسەر ئەم بابەتە ئەوەیە: ئەگەر کەمکردنەوەیەک هەبێت لە نوێژەکەدا لە پێش سەلامدانەوە سوجدەی سەهو دەبات، وئەگەر زیادکردنێک هەبێت لە نوێژەکەدا لە پاش سەلامدانەوە سوجدەی سەهو دەبات، بەڵام لە کاتی گوماندا؛ ئەگەر یەکێک لە دوو حاڵەتەی بە لاوە پەسەند بوو ئەو لە پاش سەلامدانەوە سوجدە دەبات، ئەگەر هیچ یەکێک لە دوو حاڵەتەکەی لە لا پەسەند نەبوو ئەوا لە پێش سەلامدانەوە سوجدە دەبات. وئەگەر ئیمام بوو باشتر وایە پێش سەلامدانەوە سوجدە سەهو بیات بۆئەوەی نوێژخوێنەکان نوێژەکەیان لێ تێکنەچێت بەتایبەت هەندێک ڕکاتیان لەدەست چووە. وهەروەها ئەم گێڕانەوەیە هەیە کە دەڵێن پەسەندترین ئەوەیە کە سوجدەی سەهو لە پێش سەلامدانەوە بێت بەهۆی گێڕانەوەی (عبد اللە بن مالك ابن بحینة) [متفق علیە].

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11234